بەرەوبەرایەتی هەواگری و ئاسایش دەستگیرکردنی سێ داواکراوی لە بەغدا و نجەف راگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە، بەڕێوبەرایەتیی هەواگری و ئاسایش دەستگیرکردنی سێ داواکراوی بە تەمەتی تیرۆر و هەڕەشەکردن و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەکان لە بەغدا و نجەف ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوبەرایەتییەکەدا هاتووە :کە هێزەکانی بەڕێوبەرایەتی هەواگری و ئاسایشی بەغدای سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی هەواگری و ئاسایشی وەزارەتی بەرگری توانیان دوو داواکراو بە تەمەتی تیرۆر و هەڕەشەکردن لە ناوچەکانی زەعفەرانیە و تاجی لە بەغدا دەستگیر بکەن ، کە دوو فەرمانی دەستگیرکردنیان لە دژی هەبوو بەپێی بڕگەکانی مادەکانی تیرۆر و هەڕەشەکردن.

هەر بڕگوڕێی هەمان ڕاگەیەندراو، یەکێک لە هێزەکانی هەواگری و ئەمنی نجەفی پیرەزی سەربە هەمان بەڕێوبەرایەتی ، توانیان بازرگانیکی مادەی هۆشبەر لە هەمان پارێزگا دەستگیر بکەن،کە فەرمانی دەستگیر کردنی دادوەری هەبوو بە پێی مادەی 28ی مادەی هۆشبەرەکان .